ئەدەب و کولتوور
ڕووداو
154 | دووشەممە 2020/2/17

# 366 چیرۆك بۆ منداڵان




■ ئا: بەسام مستەفا

نووسەری کورد سەلیم تەمۆ، نوێترین پەرتووکی خۆی بەناوی (هەر شەوێک چیرۆکێک) بڵاوکردەوە.

پەرتووکەکەی تەمۆ کە لە 472 لاپەڕە پێکدێ و 366 کورتە چیرۆکی منداڵان لەخۆدەگرێ، لەلایەن چاپخانەی دارا لە شاری ئامەدی باکووری کوردستان چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

سەلیم تەمۆ لەسەر بەرگی کتێبەکەی نووسیویەتی: "ئەم پەرتووکە دەیەوێ منداڵانی کورد خەونی خۆیان بە تایبەتی خەونی ئازادی بە کوردی ببینن. لەوانەیە ئەو دایک و باوکانەی کە ئەم چیرۆکانە بە کوردی بۆ منداڵەکانیان دەخوێننەوە، وەک ئەو زارۆکانە بە کوردی خەون ببینن".

سەلیم تەمۆ لە ساڵی 1972 لە شاری باتمان لەدایکبووە. خوێندنی ئامادەیی لە باتمان خوێندووە. پاشان لە زانکۆی بیلکەند لە ئەنقەرە وەرگیراوە و بەشی زمانی تورکی لەو زانکۆیە خوێندووە. ئێستا لە زانکۆی ئارتوکلو لە مێردین وانە دەڵێتەوە.

تەمۆ بە هەردوو زمانی کوردی و تورکی دەنووسێت. تا ئێستا چەند بەرهەمێکی بڵاوکردووەتەوە، لەوانە: ڕۆمانێک بە تورکی. ئەنتۆلۆژیای هەڵبەستی کوردی، سێ دەنگ. هەروەها چەند بەرهەمێکی نووسەرانی کوردی لە تورکییەوە کردووەتە کوردی، لەوانەش بەرهەمەکانی محەممەد ئۆزون، فەواز حوسێن و فیرات جەوەری.

## باسی ژیانی پەنابەران دەکات
# ژنە بێ وڵاتەکانی ئەژین عەبدولخالق بڵاودەکرێتەوە




■ ئا: ئەدەب و کولتوور

(ژنەکان وڵاتیان نییە) دووەم ڕۆمانی ئەژین عەبدولخالق، نووسەر و ڕۆماننووسە، ئێستا لە ژێر چاپدایە و بڕیارە لە چەند ڕۆژی داهاتوودا لە ناوەندی ڕۆشنبیریی ڕەهەند بڵاوبکرێتەوە.

ئەژین عەبدولخالق بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ڕۆمانەکەم باس لە بەریەککەوتنی تاکی خۆرهەڵاتی و خۆرئاوایی دەکات و دیدگا و ڕوانینی ئێمە بۆ ئەوان و ئەوان بۆ دونیا و تاکی ئێمە لە سیاقی ڕۆمانێکی ریالیستیدا دەخاتەڕوو".

ئەژین کە لە تاراوگە دەژیت و ماوەی پێنج ساڵ خەریکی نووسینی ئەو ڕۆمانە بووە، زانیاریی زیاتر لەبارەی ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە ئاشکرا دەکات و دەڵێت: "ڕۆمانەکە تەنیا دیوێکی ژیانی کارەکتەرەکانی لە وڵاتی ڕاستەقینەی خۆی کە ڕۆژهەڵاتە یاخود وڵاتی دووەمی کە ڕۆژئاوایە، نەخستووەتەڕوو، بەڵکو بەشێوەیەکی واقعیانە ئەزموونی ژیان لەو دوو وڵاتە بۆ ڕۆژهەڵاتییەک، بۆ خوێنەر دەگێڕێتەوە".

ماردین ئیبراهیم، نووسەر و ڕۆماننووس لەبارەی ڕۆمانەکەوە نووسیویەتی: "بۆ من ئەم ڕۆمانە زیاتر وەستانە لەسەر پرس و گرفتی ناسنامە، کێشەی کەسێک کە لەناو ناسنامە جیاوازەکانی خۆیدا پەرت بووە. لە نێوان شوێن و یادەوەریدا پارچەپارچە بووە. کاراکتەری سەرەکی خەونێکی هەیە، پێیوایە بە ڕاکردن لە جوگرافیای سروشتی و کۆمەڵایەتی خۆی بە خەونەکەی دەگات. وای دەبینێت ڕاکردن لە شوێن دەیخاتە ناو ئارامی و ئاسوودەیی، بەڵام بۆی دەردەکەوێت کە کێشەی ئەو زۆر لە مەسەلەی شوێن قووڵترە".

ئەژین عەبدولخالق لە 2 کانوونی یەکەمی 1982 لە هەولێر لەدایکبووە و ئێستا لە سوێد دەژیت، وەک میدیاکار، نووسەر و وەرگێڕ کاری کردووە و بەرهەمی هەیە، ساڵی 2015 یەکەم ڕۆمانی بەناوی (نامەکانی فێرناندۆ) بڵاوکردەوە. هەروەها چەند کتێبێکی بۆ زمانی کوردی وەرگێڕاون، لەوانە کتێبی (جۆن لۆک و ئافرەت) کتێبی (دەسەڵات و تاک) و (ئەفلاتوون و ئافرەت).

# ڕۆمانی (بیرەوەرییەکانی مولازمە پزیشکەکە) بڵاوکرایەوە




■ ئا: بەسام مستەفا

پزیشک و نووسەری کوردی ڕۆژئاوای کوردستان ئالان کیکانی، نوێترین ڕۆمانی خۆی بە ناوی (بیرەوەرییەکانی مولازمە پزیشکەکە) بە زمانی عەرەبی چاپ و بڵاوکردەوە).

ڕۆمانە نوێیەکەی ئالان کیکانی لە 448 لاپەڕە پێکدێ و لەلایەن چاپخانەی ئاڤا لە شاری کۆبانێ چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

دکتۆر ئالان کیکانی لە ماوەی ساڵی 1997 بۆ 1999 سەرباز بووە لە ڕیزەکانی سوپای سووریا، ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە باس لە بەسەرهات و بیرەوەرییەکانی نووسەر لە ماوەی دوو ساڵی سەربازییەکەی دەکات. ڕۆمانەکە وەکو کۆمیدیایەکی ڕەش دیارە، ژیانی ئەفسەرانی سووریا، گەندەڵی و توندوتیژییەکانیان ڕیسوا دەکات.

ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکانە پەیوەندییان بە سێ شوێنەوە هەیە. ئەوانیش شاری حەرەستا و ناوچەی قەلەموون کە هەردوو ناوچەکە لە دیمەشقەوە نزیکن، ناوچەی سێیەمیش حەلەبە. کاراکتەری سەرەکی ڕۆمانەکە بەو جۆرە باسی دەزگا سەربازییەکانی سووریا دەکات و دەڵێت: "لە خزمەتی سەربازیدا دەروونی مرۆڤ تێکدەشکێ، مێشکیان ڕادەوەستێ. دڵیان دەکوژرێ، مرۆڤ ئامادە دەکرێ بۆ جێبەجێکردنی فەرمانەکانی کوشتن و دزین و دەستدرێژی".

دکتۆر ئالان کیکانی لە شاری قامشلۆی ڕۆژئاوای کوردستان لەدایکبووە. ساڵی 2017 یەکەمین بەرهەمی ئەدەبیی خۆی کە کورتەچیرۆکە بە ناوی (دڵێک لە زێڕ) چاپ کردووە. ساڵی ڕابردوو ڕۆمانێکی بەناوی (شەوی درێژی وڵات) چاپ کردووە. ئەو نووسەرە کوردە کە ئێستا لە تاراوگە دەژی، بەرهەمەکانی بە زمانی عەرەبی دەنووسێ.

## وێنەکان دەبێت بە مۆبایل گیرابن
# پێشبڕکێیەکی فۆتۆگرافی لەبارەی پاراستنی ژینگە




■ ئا: ئەدەب و کولتوور

فێرگەی فرێمینگ بۆ وێنەی ڕۆژنامەوانی، پێشبڕکێیەکی تایبەت بە وێنەی مۆبایل لە بواری ژینگە ڕادەگەیەنێت و بڕاوەی پێشبڕکێیەکە مۆبایلێکی پێشکەوتووی پێدە بەخشرێت.

سەفین حەمید، دامەزرێنەر و بەرپرسی فێرگەی فرێمینگ بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئامانج لە پێشبڕکێیەکە ئەوەیە لە ڕێگەی کامێرای مۆبایلەوە، ئاستی مەترسییەکانی سەر ژینگەی نیشتمانەکەمان پیشان بدەین و هۆشیاریی ژینگەیی بڵاوبکەینەوە".

ڕوونیشیکردەوە، جیاوازیی ئەو پێشبڕکێیە ئەوەیە تەنیا بۆ فۆتۆگرافەران نییە، بەڵکو مەبەستمانە خەڵکی دیکەش بەشداربن، چونکە ئێستا زۆربەی خەڵک مۆبایلی زیرەک بەکاردێنن و دەتوانن لەڕێگەیەوە وێنە بگرن. هەر بەهۆی گرنگیی بابەتەکەوە کۆمپانیای ئاسیا سێڵ سپۆنسەری پێشبڕکێیەکەی کردووە.

هەر بەشداربوویەک دەتوانێت بە یەک وێنە بەشداربێت، ناوەڕۆکەکەشی گوزارشت بێت لە مەترسییەکانی سەر ژینگەی کوردستان، هەروەها دەبێت بەشداربوو دانیشتووی باشووری کوردستان بێت. وێنەکەش لە ڕێگەی ئیمەیڵی zhingaphoto@gmail.com بنێرێ. هەروەها وێنەکە لە ساڵی 2019 و 2020دا گیرابێت. دوا وادەش بۆ وەرگرتنی وێنەکان، سێی مارسی داهاتووە.

# سوبیەکتی گەشبین



بەکر عەلی



**بەشی یەکەم..**

ئێمە لە ڕۆژگارێکدا دەژین مرۆڤەکان لەبەر کزبوونی شادی و کەمبوونەوەی گەشبینی تا دێت توندڕەوتر و بەهەڵپەتر و بەدبینتر ڕەفتار دەکەن. ڕۆژگارێک قەیرانەکان تەنگیان پێهەڵچنیوین و بینینی هەر ئاسۆیەک بووەتە ڕووداوێکی دەگمەن. ڕۆژگارێک تادێت مرۆڤایەتی بەهەر ڕێگایەکدا بڕوات هەر دەگاتە بنبەستی ڕێگاکە و لەوێدا بێ هیچ دەرچەیەک نائومێدانە ڕادەوەستێ و هیچ ڕوانگە و پێرسپێکتیڤێکی نوێی پێ نییە ئەوە نەبێت پاشەوپاش بهەمان ڕێگای خۆیدا بگەڕێتەوە دواوە. ڕۆژگارێک ڕەشبینی و بەدبینی وەکو دەرەنجامی دەستخەڕۆبوونی مرۆڤەکان لەلایەن سیاسییەکانەوە، هەڵخەڵەتاندن و چەواشەبوونی جەماوەر لەلایەن پۆپۆلیستەکانەوە، نائومێدبوونی کۆمەڵگە لەو پەرلەمانتار و نوێنەرە درۆزنانەی گفتی چاکترکردنی باری ژیانیان پێدەدەن و پابەندی گفتەکانیان نابن، ئەم دەستخەڕۆیییە چییە، جگە لەوەی پێمان دەڵێت ئێستا ڕۆژگاری ئەوە نییە گفت بپارێزیت و وتە و کردار بکەیتە یەک و پرینسیپ و ئایدیاکانت بە ڕەفتارەکانتەوە دیار بێت، ئێستا کاتی ئەوەیە ڕەخنەگر و ئۆپۆزیسیۆن و ڕۆشنگەر بە و کێماسی و گەندەڵی و کەمتەرخەمییەکان بخەڕوو، بەڵام کاتێک دەسەڵات دەگرێتە دەست، سەنگەرەکەت بگۆڕە. ئەمە ڕۆژگاری بڵاوبوونەوەیەکی سامناکی عەقڵی سینیزمە، ڕاستی بڵێ و پێچەوانەکەی بکە.

کاتێک سینیزم دەبێتە ڕۆحی سەردەمەکەت، ئیتر لەهێز و دەسەڵاتی هەموو پرینسیپە مۆراڵییەکان بەدگومان دەبیت، چیتر متمانەش بەو نوێنەر و فیگۆرانە ناکەیت کە ڕادیکاڵ لەدژی ستەمی سیستەم بانگەواز دەدەن و کەچی بە کردەوە کزەڵ لە سووچە شاراوەکاندا چیچکەیان کردووە.

ڕۆژگارێک کە سینیزم وەکو "هۆشیارییەکی ڕۆشنگەری ساختە" باڵادەستتر بێت لە گەیاندنی حەقیقەت، ئەوا سۆراغی دۆزینەوەی کینیزم دەبێتە ئەرکێکی هەرە سەرەکی ڕۆشنبیر. هەڵبەتە سینیزم بریتییە لەوەی شتێک بڵێیت و پێچەوانەکەی بکەیت، بەڵام کینیزم ئەو شتە دەکەیت کە دەیڵێیت. لەم نێوبەندییە مۆراڵییەدا ئیفێکت و کاریگەریی پسایکۆیی لەنێو مرۆڤەکاندا و لەنێو کایەی ژیانی فەرهەنگەکاندا لەسەر دوو ئاست ڕەنگدەداتەوە، ئاستی ئەوەی مرۆڤەکان تووشی بەدبینی و دڵتەنگی دەکات و ئاستی ئەوەشی دەشێت شادی و گەشبینی ببەخشێتەوە بە سوبیەکتە نائومێدەکان.

لەنێوان ئەو دوو ئاستەشدا ژمارەگەلێک ئایدیۆلۆژیا و تێڕوانینی هەمەجۆر وەکو بەرتەکێکی فیکری و مۆراڵی سەریان هەڵداوە و پێشنیاری خۆیان بۆ دەربازبوون لەو سەردەمە تژی لە تەنگژەیە خستووەتەڕوو. هەن هەموو هەڵەکە دەخەنە ئەستۆی کاپیتالیزم، هەن دەیخەنە سەر مۆدێرنیزم، هەن دەیخەنە ئەستۆی سێکولاریزم، هەشن باوەڕی دینی گوناهبار دەکەن. ئێمە لێرەدا پێداگری لەسەر هیچکام لەوانە ناکەین، بەڵام دووڕوویی و تەڵەکەچێتی هەموو ئەو لایەنانە لای ئێمە جێی بایەخە. ئەوەی ئێمە لێرەدا ڕادەکێشێت بۆ خستنەڕووی قەیرانی سوبیەکتی کینیست و گەشبین بریتییە لەو پاڵهێزەی کەوا هیچ ئومێدێک و هیچ دەرچەیەک نییە بەبێ قۆستنەوەی هەنووکە. مرۆڤی گەشبین خۆی چییە جگە لەو سوبیەکتەی کە لەحزە دەقۆزێتەوە، جگە لەو خودەی کە بەسەر بەربەستەکانی ڕابردوودا باز دەدات و دەڕوانێتە داهاتووش، لەکاتێکدا مرۆڤی سینیک کەسێکە لە هەنووکەدا هەڵدەنووتێت و پێی وانییە سبەینێیەک و دواترێک هەبێت، ئەمەش یەکێکە لەو هۆکارانەی کە بۆچی مرۆڤ گەندەڵی دەکات، چونکە ئەو پێیوایە ئەوەی هەیە دەبێت ئەمڕۆ زەوتی بکات، چونکە سبەینێ مەرج نییە بۆ ئەو بێت. کەواتە بۆ تێگەیشتن لە گەندەڵیی کۆمەڵێک دەبێت ڕەفتاری تاکەکان بخوێنینەوە، ئێمە چونکە تێگەیشتنێکی خودگەریمان بۆ گەندەڵی نییە، ئەوا هەموو خودێک گەندەڵە. تیۆرییەکە وەها هاتووە لەناو ئاپۆڕەدا چونکە هەموو کەس بەرپرسیارێتی دەخاتە سەر ئەویتر، کەواتە کەسێکی دیاریکراو نییە بەرپرسیار بێت لە کەموکوڕییەکان. بۆ نموونە دەگوترێ کارەبا یاخود نەوت نییە و خەتای فلانە لایەنە، بەڵام هەموو کەس لایەنێکی نادیاریکراو دیاری دەکات و کەسێک نییە بەدیاریکراوی بێتە سەر شانۆکە و بەرپرسیارێتییەکە لەئەستۆ بگرێت،

هایدیگەر ئەم دۆخەی ناو ناوە "ئەوان، یان خەڵکی وا دەڵێن". لە مەسەلەی گەندەڵیشدا وەهایە تاوەکو هەموو خودێک لەوەدا بەرپرسیار نەکرێت، ئەوا نە لێی تێدەگەین و نە دەتوانین بەرەنگاری ببینەوە. ئیتر دۆخەکە بەدبینی و بەدگومانییەکی سامناک بەسەریدا زاڵ دەبێت. لە دۆخێکی وەهادایە گەشبینی وەک ئیتیکێکی شۆڕشگێڕی و وەکو بیرکردنەوەیەکی قووڵ سەرهەڵدەدات. پرینسیپی گەشبینی ئەوەیە لەبەردەم بنبەستبوونی ڕێگاکاندا دەرچەیەک شک ببەین بۆ چوونەدەرەوە و بۆ هەنگاوێکی تر. لەکوێدا گەشبین بووین لەوێدا دیالێکتیکی نێوان ژیان و مردن وەلا دەخرێت و دڵێکی تری ژیان دەبوژێنینەوە. لێرەوەیە سوبیەکتی گەشبین، چ لای تاک و چ لای کۆگەڵ پاڵهێزی لەدایکبوونەوەیەکی تر و دەستپێکێکی تری ژیان و بوونە. لەکوێ هیوا هەبوو لەوێ گەشبینی هەیە، لەکوێ گەشبینی هەبێت لەوێ خۆبەدەستەوەدان دیار نییە. مارتن لوتەر دەیگوت: گەر بزانم سبەینێ قیامەت هەڵدەستێ، ئەمڕۆ نەمامە سێوەکەم دەنێژم.

لەمەدا زەنگی کینیزم دەزرنگێتەوە، لەبەرئەوەی کینیزم بریتییە لە: فەلسەفەی ژیان لەکاتی قەیراندا. بۆیە هەرساتێک کینیزم ئەکتیڤ بێت گەشبینی و شادی شیاو دەبن.

ئاوهەا هەم کینیزم و هەم گەشبینی و هەمیش شادومانی ڕێک لەو ساتەوەختەدا دەردەکەون کە هەموو ئەوانیتر بەردەبنەوە نێو دزێویی سینیزم و نێو تەڵەزگەی تاریکستان و نێو تەنگژەی بەدبینی. تیۆرییەکە ئاوهەایە: مرۆ نابێت ئەو کاتە گەشبین بێت کە لەنێو واقیعێکی ئارام و سەقامگیردا خۆی دەبینێتەوە، بەڵکو دەبێت ئەو کاتە گەشبین بێت کە واقیعەکەی شلۆق و ناجێگیر و جەنجاڵ و گەندەڵ بێت، ئەو کاتەی کە هەمووان دەڵێن ئەوانیتر، کەسی گەشبین دەبێت بڵێت من. خودی شۆڕش و خودی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی لەدایکبووی ئەو دۆخە جەنجاڵییەن. لەکوێ ژیان سەخت بوو، دەبێت گەشبینی لەوێ دەستپێبکات بە ئاسانکردنی ژیان، لەکوێش دڵتەنگی و بەدبینی زاڵ بوو، گەشبینی و شادومانی درز دەخەنە ئەو شوێنەوە. گەشبینی بریتییە لە ئیتیکی بەرەنگاربوونەوەی شکستەکانمان. پاڵهێزێکە بۆ خۆپێتەوکردنەوە، مۆتیڤێکە دەسەڵات لەناو بێدەسەڵاتدا دەبوژێنێتەوە. بەکورتی دەشێت بڵێین، گەشبینی خودبەهێزکردنەوەیە لەناو ژیانێکی بێهێزدا، خودی گەشبینیش خودێکە بەرەنگاری بەربەستە سەختەکان دەبێتەوە، خودێکی پزیشکییە کە شرینقەی بەدەسەڵاتکردنەوە لە بێدەسەڵاتیی

خۆی دەدات، خودێکە نیچە گوتەنی، گەر لاوازی نەیکوژێت، ئەوا بەهێزتری دەکات.

ئێستا با لەنێو کۆنتێکستە کوردییەکەدا بپرسین، گەلێک لەناو ڕیالیتێتێکی ڕەق و دیواربەند و ڕێگا وێڵە بنبەستەکاندا، چەند سەدەیە بەدوای خۆڕاگەیاندندا، بەدوای مافی خودنووسینەوەی چارەنووسدا لەخەباتدایە و بەردەوام شکست بەدوای شکست و کارەسات بەدوای کارەسات و دڵتەنگی بەدوای دڵتەنگی دەچنێتەوە، تا چ مەودایەک شتێکی لۆجیکییە هێشتا گەشبین بێت و بەڵێ بڵێت بۆ ئەو بەرخودانەی کە بووەتە ژیانی؟ لەدوای کارەساتی دابەشکردنی جوگرافیاکەی و لەدوای کارەساتی ئەنفال و کیمیاباران و ئۆپەراسیۆنەکانی قڕکردن و تەعریب و تورکاندن و فارساندن، ئایا هێشتا شتێک شک دەبات تا لێوەی هەلهەلە بۆ کەرنەڤاڵی ژیان بچڕێت؟ بوونێک گەر بە مەرگەسات دڕێژە بە خۆی بدات، چی پێدەبێت بۆ خۆشحاڵی و گەشبینی؟ جووەکان بەدرێژایی هەزاران ساڵ ئافەرۆزکراوترین و بێزراوترین گەلی جیهان بوون، کەچی لەناو ئەواندا "بیرۆکەی جوولەکایەتی" بووە نهێنی مانەوەی ئەوان لە ژیاندا. بەزیندوویی مانەوە لە حاڵەتی کورد و جوودا بریتی بووە لەو تەکنیکەی کە توانستی دژە لەناوچوونی تێدا دروست کردن. ئەم دوو گەلە ئەو تیۆرییەیان سەلماند، کەوا ژیانێک هەیە لەنێو ژیاندا هیچ شتێک نایبزوێنێت، هیوا و گەشبینی و خۆشبینی نەبێت. نهێنی ژیان لەناو ئەو ژیانە شاراوەیەدا مت بووە بۆ بەزیندوومانەوە. ئەگەرچیش ئەدۆرنۆ دەیگوت دوای کارەساتی ئاوشڤیتس شیعر نووسین بەربەریزمە. بەڵام سەبارەت بەو دوو گەلە بەشیعرکردنی ئازارەکان و مەرگەساتەکانیان بریتی بووە لە تاکە تەکنیکی بەهێزکردنی ئیمون سیستەمەکەیان.

ئێمە لە هایدیگەرەوە فێری ئەوە بووین "بوون واتە میزاج" هەڵبەت میزاجیش واتە کەش، واتە جۆش و خۆشحاڵی و هیوا. بۆیە لەڕووی ئۆنتۆلۆگییەوە هەموو بوونێک هەڵگری ئەو میزاجە گەشەیە کە لێوەی بەشێوەیەک لەشێوەکان دەچێتە نێو جیهانەوە. ئیتر شێوازی کورد بەو جۆرە بووە کە تەنیا بەرخودان بکاتە ژیان، لەکاتێکدا شێوازی گەلێکی وەک ئەڵمان یان پۆڵۆنی یان ڕووسی و یان فەرەنسی هیچیان لەهەی یەکتری ناچێت، گەورەترین هەڵەش ئەوەیە دوو گەلی دوور لەیەکتری بەیەکتر بەراورد بکرێت. ناکرێت بڵێم بۆ کورد وەکو ئەڵمان عەقڵانی نییە، چونکە خۆ پۆڵۆنییەکانیش کە هاوسێی ئەڵمانەکانن بە دووسەد ساڵی تریش ناگەنە ئاستی پێشکەوتوویی ئەڵمانەکان. کولتوورەکان دەشێت لەیەکترییەوە فێر بن، دەشێت لاسایی یەکتریش بکەنەوە، بەڵام ناشێت بگوترێ دەبێت ئەم لەو بچێت. ئەم هۆشیارییە لەخۆیدا جۆرێکە لەو بەدبینییەی کە توانستە نێوەکییەکانی فەرهەنگەکەی خۆی دەکوژێت، ئەمە جۆرێکە لە ڕەخنەی پێوەر ئامادەکراو کە جیهانیزیانی فەرهەنگەکەی خۆی بە دووکەڵ دەتاسێنێ لەبری ئەوەی سییەکانی پڕ بکات لە هەناسەی نوێ.

# پرسی «نیگا»

وەلید عومەر





«نیگا» لەو پرسانەیە کە ناتوانین بیری لێ نەکەینەوە. ئەویش لانیکەم لەبەر دوو هۆ: یەکەم ئێستا کرداری «بینین» کردارێکی سەنتراڵە و نیگا ناوێکی تارادەیەک فیکرییە بۆ ئەم کردارە سەرتاپاگیرەی مرۆڤەکانی ئەم سەردەمە کە سەردەمی شاشە و سینەما و تەکنۆلۆژیای دیدەکی و نمایشە. دووەم لە دونیای کوردیدا، ئەگەری هەیە دالی «سەیرکردن» هەندێک گۆڕانی بەسەردا هاتبێت و خۆی بەرەو مەدلولی تر ڕاپسکێنێ. دیارە ئەمە شتێکی بەڵگەنەویست نییە و تەنیا هێندە هەیە دەکرێت ببێتە مایەی تێڕامان.

دەکرێت مەبەستمان لە نیگا هەریەکە لە بینین و نیگای زەقیش بێت کە بە ئینگلیزی دەکاتە «seeing & gaze». بینین و سەیرکردن ئەو کردارەیە کە مرۆڤ یان سوبێکت بهەۆیەوە پەیوەندییەکی بەرفراوان لەگەڵ جیهاندا درووستدەکات. وەک بڵێی بینین تاکە کردارێک نییە لە سوبێکتەوە دەردەچێت بۆ ئۆبێکت و دونیای دەرەوە، بەڵکو کۆی جیهان دەریایەکی دیدەکییە و مرۆڤ پنتێکە لەناویدا. شتێکی هاوشێوەی ئەوەی کە هونەرمەندە کوبیستەکان دەیانگوت: جیهان دیمەنێک نییە بۆ چاوی مرۆڤ، بەڵکو مرۆڤ دیمەنێکی ناو جیهانە. لەم ڕوانگەیەوە جیهان دەبێتە ڕووبەرێکی گەورەی بینین و فینۆمینە و ئەگەری دەرکەوتن. جۆن بێرگر لە سەرەتای کتێبەکەیدا بەناوی «شێوازەکانی سەیرکردن» دەنووسێت: «دیتن بەر لە گوفتار و ئاخاوتن دێت. منداڵ بەر لەوەی بێتەگۆ، سەیردەکات و شت دەناسێتەوە». لە هەمان کتێبدا دەشڵێت: «تابلۆ بەو مەبەستە بەدەستی مرۆڤ داهێنرا تاکو ئەو شتە بەرجەستە بکات کە ون و غایبە». لە ئیقتیباسی یەکەمدا، تێدەگەین بینین دۆخێکی بەرفراوانە و بەسەر سوبێکتدا دەسەپێنرێت، جۆرێکە لە حەتمیەتی دەرەوە. واتە نیگا شتێک نییە بەتەنیا لە چاوی مرۆڤەوە بچێتە دەرەوە و ئاراستەی دەرەوەی بکات، بەڵکو مرۆڤ لەناو هەرێمێکی گەورەی شتدا نیشتەجێیە و شتەکان بینینی خۆیان بەسەر مرۆڤدا دەسەپێنن. ئەمەش لەو خەسڵەتەی بینین/ نیگامان نزیک دەکاتەوە لە دەروونشیکاریی ژاک لاکاندا کە پێیوایە: بینین شتێکی زاتی و سوبێکتیڤ نییە، بەڵکو شتێکی دەرەکی و ئۆبێکتیڤە. بە مانایەکی تر، ئامادەیی شتەکان لە دەرەوەماندا وادەکەن کە هەست بکەین ئەوە شتەکانن سەیرمان دەکەن نەک ئێمە سەیری شتەکان بکەین. لە ئیقتیباسی دووەمیشدا، پرسی بینین و غیاب یان بینین و نەبینراو دەورووژێت. دیارە لە کاتی کرداری بینیندا، ناتوانین کۆی بینراوەکە ببینین. شتێک دەمێنێتەوە کە عاسی و مەحاڵە. بە دەربڕینێکی تر، کە نیگامان دەگیرێتە ئۆبێکتە بینراوەکە، ئەوا لەناویدا پنتێک هەیە نایبینین و ئەم پنتەش سەداسەد لە خودی ئۆبێکتەدا نییە بەڵکو بەشێکە لە بونیادی نیگا خۆی. نیگاکردن خۆی پرۆسەیەکی پێرفێکت نییە، بەڵکو بەپێی قسەی "تۆد مەکگوان" لە کتێبی «نیگای ڕیاڵ»دا، چاڵێک لە خودی نیگادا هەیە کە ناهێڵێت ئۆبێکتە بەتەواوی ببینین. بە دیوێکی تریشدا، فشاری دیمەنەکان زۆرجار وادەکەن کە هەستبکەین ئەوان سەیرمان دەکەن. بەر لەوەی وەک سوبێکت چاوهەڵێنین، ئەوان حزووری ئێمەیان کردووەتە ئامانج و نیگای ئێمە وەک جۆرێک لە کاردانەوەی لێدێت بەڕوویاندا.

جۆن بێرگر هەر لە لاپەڕەکانی سەرەتای کتێبەکەیەوە دەشنووسێت: «گۆشەنیگای ئێمە (واتە ئەو گۆشەیەی کە سەیری لێوە دەکەین)، لەژێر کاریگەریی زانین و بیروباوەڕەکانماندایە». واتە نیگای ساف و بێگەرد بوونی نییە. هەر نیگایەک ئەگەری هەیە بارکرابێت بە کۆمەڵێک پێشگریمانە و پێشباوەڕ کە بینینمان بۆ شتەکان بارگاوی دەکات. لێرەدا نموونەیەکی سادە و تۆزێکیش بێ پەیوەندی دێنینەوە بۆ ئەم دۆخەی نیگاکردن. لە دونیای ئێمەدا نیگا، بەتایبەت لە دۆخە ژێندەرییەکەیدا، هەڵگری کۆمەڵێک پێشگریمانەی ڕەگەزییە. ساڵانێکی زۆر و بگرە تا ئێستاش، نیگا پرسێکی تەمومژاوییە. کاتێک ژنێک نیگای پیاوێک دەکات یان بەپێچەوانەشەوە، ئیدی نیگا لەوە دەردەچێت نیگا بێت و پتر دەچێتە خانەی کردارەوە. ژن و پیاو لێرەدا بە چاو شتێک دەکەن کە لە سەیرکردن زیاترە و کۆمەڵێک وەسوەسە و گومان هەڵدەگرێت. زۆرجار نیگای ژنێک، کێشە و بەدحاڵیبوونی زۆری بەدوای خۆیدا هێناوە. ئەمەش دەریدەخات مێژووی ئێمە، مێژووی سەرکوتکردنی بینین بووە.

ئەمڕۆ بینین هەم لە واقیعدا ئامادەیە و هەم بە نێوانگریی فەزای مەجازییش. لە هەردووکیاندا هەست بەوە دەکەین کە مرۆڤ وەک بکەرێکی چالاک ناتوانێ دەرەوەی خۆی ببینێ (گەر لە ئاڵۆزییەکانی بینین گەڕێین). بە شەقامێکدا دەڕۆیت و بێشومار تابلۆی بازرگانی سەیرت دەکەن، بەجۆرێک کە نابینرێن. هەم خۆیان نابینرێن و هەم هێزی بینینیشیان لە مرۆڤدا کز و لاوازکردووە. لەڕووی زانستییشەوە تا دەچینە پێشەوە لە مێژوودا، توانستی هەستەکی و هەستەوەرەکانمان دادەبەزێ.



## د.محەممەد کەمال لەبارەی فەلسەفەی مارکس:

# ئەو مارکسە لە کتێبەکانی خۆیدا نابینی کە ڕێکخراوە چەپەکان باسی دەکەن



د.محەممەد کەمال لە بواری فەلسەفەدا ناوێکی ئاشنایە، دەیان تێکستی بنچینەیی نووسیوە و وەرگێڕاوە، دوایین بەرهەمی نووسینی کتێبی "مارکس وەک فەیلەسووف"ـە. وەک ئەوەی کە لە ناوەکەیەوە دیارە باسی ئایدیۆلۆجیای چەپ و مارکسیزم ناکات، بەڵکو هەوڵێکە بۆ ڕزگارکردنی فەلسەفەی مارکس لەدەست مارکسیزم و چەپ کە بە درێژایی ئەدەبیاتی چەپ لەم ناوچەیە تێگەیشتنێکی فەلسەفیانەمان لەبارەی مارکس نەبینیوە، یان مارکسیان وەک فەیلەسووف بە ئێمە نەناساندووە، کاری یەکەمی ئەم کتێبە خۆجیاکردنەوەیە لەو ئەدەبیاتە. ئەم گفتوگۆیەی دەیخوێننەوە لەبارەی ئەم بەرهەمەیە، نووسەر مارکس وەک فەیلەسووفێکی میتافیزیکی دەناسێنێ! ئێمەش چەندین پرسیارمان لەوبارەیەوە کردووە و چەمکە گرنگەکانی مارکسمان لەگەڵ خستووەتەر بەرباس.

ئا. هەرێم عوسمان

**هەرێم عوسمان: ئێوە لە ماوەی ڕابردوودا کتێبی "مارکس وەک فەیلەسووف"تان بڵاوکردەوە. مارکس لای تۆ کێیە؟**

**د.محەممەد کەمال:** مارکس فەیلەسووفێکی گەورەیە، هەوڵیداوە بۆچوون و بیرکردنەوەی فەلسەفیی خۆی هەبێت و گۆڕانکاریشی لە بیرکردنەوەی فەلسەفیدا هێناوەتە ئاراوە. مارکس توانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بە جۆرێکی دیکە ڕاڤە بکات، تەنانەت هەندێک کۆمەڵگاش بگۆڕێت. وەکو بینیمان نیوەی جیهان لە سەردەمێکدا بە جیهانی سۆشیالیست دەناسرا کە پەیڕەوی فەلسەفەی مارکس بوون.

**هەرێم عوسمان: چۆن بوو لەبارەی مارکسەوە نووسیتان؟**

**د.محەممەد کەمال:** بیرۆکەی ئەم کتێبە دەمێکە لای من وەک پرۆژەیەکی فەلسەفیی تێگەیشتنی خۆم بۆ مارکس هەیە. ئەوکاتەی لە سلێمانی بووم، پێش ساڵی 1979 بە کەسێکی وجودی دەناسرام، مارکسییەکانی شار دژایەتییان دەکردم. ئەوان بە ڕادەیەک منیان لە مارکس تۆراند، بەڵام من دەمویست مارکس وەک فەیلەسووف بناسم، چونکە فەیلەسووفە، نەک نوێنەری حیزبێکی سیاسی و ئایدیۆلۆجیا. کاتێک فەلسەفەی مارکس بوو بە ئایدیۆلۆجیا و ڕاڤەی جیاوازی بۆ کرا، مارکس خۆی لە ژیاندا نەمابوو. ئەو هەوڵی دەدا فەلسەفییانە لە واتای ژیان و بوون تێبگات.

ئەم پرۆژەیەم دواخست، هەوڵمدەدا بزانم چۆن فینۆمینۆلۆجییانە و بوونگەرایانە لە مارکس و ئەو کۆمەڵگایەی ئەو دەیەوێت بێتەئاراوە تێبگەم. بزانم چۆن لە مرۆڤ وەک ئەندامی چینێکی کۆمەڵ، کە کاردەکات و بوونی خۆی و مێژوو دروستدەکات، تێبگەم. ئەگەر لە تێگەیشتنێکی هیگڵییانەوە بڕوانینە مارکس ئەوا دەبینین لای هەردووکیان مرۆڤ دەبێت بەردەوام کار بکات، چونکە جەوهەری مرۆڤ لە کارکردندا دەردەکەوێت یان دروستدەبێت. ئەوەبوو دوو ساڵ بەر لە ئێستا بڕیارمدا بگەڕێمەوە سەر مارکس و هەوڵبدەم لە ڕوانگەی فەلسەفیی خۆمەوە مارکس بناسم. سەرەتا هەوڵمدا بزانم مارکس چۆن خۆی بۆ من دەردەخات. ئەمەش دەکەوێتە سەر ئەوەی چۆن مارکس دەخوێنمەوە. من بێئەوەی خۆم بە بۆچوونەکانی لینین و ترۆتسکی و بیریارانی دیکە لەسەر مارکس ببەستمەوە، دەستم دایە خوێندنەوەی نووسراوەکانی. پاش ئەم خوێندنەوەیە مارکسێکی جیاوازم ناسی، ئەو مارکسەم نەبینی کە ڕێکخراوە چەپەکان باسیان دەکرد یان مارکسییەکانی سۆڤیەت و چین ڕاڤەیان بۆ دەکرد. مارکسێکی مرۆڤدۆستم بینی، مرۆڤدۆست نەک بەو شێوەیەی لە سەردەمی ڕۆشنگەریدا باس دەکرێت؛ بەڵکو مرۆڤدۆست بەو مانایەی مارکس دەیەوێت مرۆڤ لە برسێتی و نەبوونی و چەوساندنەوە ئازاد بکات. لەوێوە هەوڵمدا ئەو کاتیگۆریانەی باسیان دەکات، وەک: نامۆبوون، پێویستی، کارکردن و هتد لە ڕوانگەیەکی بوونگەراییەوە تەماشایان بکەم. ئەو مرۆڤەی مارکس باسی دەکات، کە لەنێو جیهاندا دەردەکەوێت و هەوڵدەدات بوونی خۆی تەواو بکات، زۆر لەو مرۆڤە دەچێت کە بوونگەراکان باسی دەکەن، لەبەرئەوەیە کاتێک ئەم کتێبە دەخوێنیتەوە، هەستدەکەیت ئەمە ڕاڤەیەکی بوونگەراییە بۆ مارکس، بەڵام لەڕاستیدا وانییە، بەڵکو ئەوە خۆدەرخستنی مارکسە بەو جۆرە.

**هەرێم عوسمان: کاتێک کتێبەکەم خوێندەوە، مارکسێکی بوونگەرام بینی و ئەمەشم وەک ڕەخنەیەک لە بەرهەمەکەت دەستنیشان کرد، چونکە ئەو ڕاڤە جیاوازانەی بۆ مارکس [لینین، ترۆتسکی] کراوەو ئێوە ڕەتیدەکەنەوە، ڕاڤەی جیاوازی ئەوانە. بەڵام دەڵێن فینۆمینۆلۆجییانە مارکس بوونگەرایە، نەک ڕاڤەی جیاوازی ئێوەبێت بۆی. ئایا ئەمە کێشە نییە کە مارکس بوونگەرا بێت؟**

**د.محەممەد کەمال:** دیارە من وای دەبینم، تۆش ئازادیت چۆن دەیبینی. بەڵام ئەمە دەکەوێتە سەر ئەوەی ئەگەر تۆ لەگەڵ ڕاڤەکردنەکەی من هاوڕا نەبیت، پێویستە ڕەخنەگرانە بیسەلمێنی کە ڕاڤەکردنەکەی من نادروستە. لێرەشەوە گەشەکردن و بیرکردنەوەی فەلسەفی دروستدەبێت، پێشدەکەوێت و ئێمەش چاکتر لە بیرکردنەوەی فەلسەفیی مارکس تێدەگەین. لەبەرئەمە پێمخۆشە ڕەخنە لە بۆچوونەکانم بگیرێت و دەربخرێت چۆن ڕاڤەکردنی من بۆ مارکس نادروستە. کاتێک تۆ دەڵێیت مارکس بوونگەرا کراوەتەوە، منیش دەڵێم چ کێشەیەک هەیە ئەگەر مارکس خۆی وا نیشانبدات؟

**هەرێم عوسمان: باشە بۆچی بۆچوونەکانی لینین و ترۆتسکی نادروستن؟**

**د.محەممەد کەمال:** ناڵێم نادروستن، دەڵێم ئەوان لە ڕوانگەیەکی حیزبییەوە سەیری مارکسیان کردووە. هەندێک کاتیگۆری مارکسیان ڕاڤەکردووە کە مارکس خۆی وای نەخستووەتەڕوو. بۆ نموونە مارکس لە هیچ شوێنێکدا چەمکی "ماتریالیزمی دیالێکتیکی" بەکارنەهێناوە، بەڵام زانایانی سۆڤیەت لە لینینەوە بەکاریدەهێنن. یاخود زانایانی سۆڤیەت بە گشتی لەو باوەڕەدان کە هۆکارە ئابووری و مادییەکان لەنێو مێژوودا دەبنە گالیسکە بۆ گۆڕانی مێژوو. ڕاستە مارکس دەڵێت، هۆکاری ئابووری پێویست و یاریدەدەرە، بەڵام نەک بڵێ بۆ گۆڕانی مێژوو بنەما و بنەڕەتی هەموو شتێکە. ئەگەر مارکس بڵێ هۆکاری ئابووری بە شێوەیەکی میکانیکی مێژوو دەگۆڕێت، ئاوا ئەوکات پێویستیمان بە شۆڕشی کۆمەڵایەتی و چینایەتی نابێت، چونکە ئەو شۆڕشانە لە ئەکامی خۆ-ئاگایی مرۆڤ دروستدەبن؛ کاتێک مرۆڤ هەست بە بوونی داگیرکراویی خۆی دەکات، شۆڕش دەکات. ئەم شۆڕشکردنە کە هۆکاری ئابووری یاریدەدەرێتی، گۆڕانی مێژوو بەدوای خۆیدا دەهێنێت. ئەمە بۆچوونی مارکسە کە بۆچوونێکی بوونگەرایانە نییە، بەڵام لەگەڵ بۆچوونەکانی لینین، ترۆتسکی و ماوتسێتۆنگ و زاناکانی سۆڤیەت کە خۆیان بە مارکسی دادەنا ناکۆکە، ئەوان جەختیان لەسەر ژێرخانی ئابووری دەکردەوە، مارکس دەڵێ ژێرخان و سەرخان هەردووکیان پێکەوە دیالێکتیکیانە گرنگن و نابێت لە یەکتر جیابکرێنەوە. ئەمە تێگەیشتنی منە بۆ مارکس.

**هەرێم عوسمان: فەلسەفەی مارکس بۆچی میتافیزیکە؟ میتافیزیکێکی مرۆڤدۆست.**

**د.محەممەد کەمال:** ئەم پرسیارە زۆر جوان و گرنگە. ئێمە بە درێژایی مێژوو وا تێگەیشتووین کە میتافیزیک باوەڕهێنانە بە هێزێکی ناماتەری لەسەرووی بوونی ماتەرەوە. بۆ نموونە ئەگەر زمانێکی دینی بەکاربهێنم، دەڵێم میتافیزیک، واتە بوونی خوا لەسەرووی جیهانی ماتەرییەوە، ئەو هێزە گیانەکییە کە خوایە و هۆکارە بۆ پەیدابوونی جیهان. ئەمە بیرکردنەوەیەکی میتافیزیکییە و دروستیشە، چونکە لە ئەفلاتونەوە ئەم بۆچوونە میتافیزیکییە دروستبووە. بەڵام بۆ هایدیگەر ئەمە تەنیا بۆ پێناساندنی میتافیزیک بەس نییە. میتافیزیک ئەو هەڵوێستە فەلسەفییەیە کە هەبوویەک دەکات بە بنەما و بنەڕەتی هەموو شتەکان، جا گرنگ نییە ئەو هەبووە خوا یان شتێکی تر بێت. بۆ نموونە ئەگەر تۆ بڵێی ماتەر بنەڕەتی هەموو شتێکە نەک بوون بە گشتی، تۆ ئاماژە بۆ جۆرێک لە شێوازی بوون دەکەیت کە ماتەرە، ئەگەر بڵێم خوا بنەڕەتی هەموو شتێکە، ئاماژە بۆ جۆرێک لە شێوازی بوون دەکەم کە خوایە و هەبوویەکە. ئەمە پێناسەی هایدیگەرە بۆ میتافیزیک. لەنێو ئەم تێگەیشتنەوە مارکسیش دەبێت بە بیریارێکی میتافیزیک، چونکە بە بۆچوونی هایدیگەر مارکس بیر لە بوون ناکاتەوە، بەڵکو بیر لە هەبوویەک کە ماتەرە دەکاتەوە و بە بنەڕەتی هەبووەکانی دادەنێ.

> مارکس لە هیچ شوێنێکدا چەمکی "ماتریالیزمی دیالێکتیکی" بەکارنەهێناوە

**هەرێم عوسمان: ئەم تێگەیشتنە لە میتافیزیک پەیوەندی بە جەوهەرەوە هەیە؟ جەوهەر لای مارکس چییە؟**

**د.محەممەد کەمال:** مارکس لە زۆر شوێندا وشەی جەوهەر بەکاردەهێنێ، بەڵام باوەڕی بە جەوهەر وەک ئەریستۆ و دیکارت نییە. ئەو باوەڕی بە هێزێکی ئافەریدکەر نییە. کەواتە مرۆڤ جەوهەرێکی لەپێشتری نییە. مرۆڤ لە ڕێگەی کارکردنەوە جەوهەری خۆی دروستدەکات. ئەو مرۆڤەی کارنەکات ناتوانێ جەوهەر بۆ خۆی دروستبکات. کارکردنیش واتە داهێنانی جیهان. مارکس باسی سروشت ناکات، سروشت شاخ، دار، بەرد، ئاسمان و ئەستێرەکانە، ئێمە ئەم سروشتەمان دانەهێناوە و لەنێویدا پەیدابووین. بەڵام ئەم جیهانەی ئێستا من و تۆ لەنێویداین و لە قاوەخانەیەکدا دانیشتووین، مرۆڤ دروستیکردووە. ئەم جیهانە لە ڕێگەی کارکردنی مرۆڤەوە داهاتووە. کارکردنیش دوو پرۆسەی پێکەوە بەستراون. یەکەمجار مرۆڤ بیردەکاتەوە، دواتر هەوڵدەدات بە کردەوە ئەو فۆرمەی لەنێو بیرکردنەوەیدایە لە دەرەوەی بیرکردنەوە دروستی بکات. بۆ نموونە من بیردەکەمەوە خانوویەک دروستبکەم، نەخشەی خانووەکە دادەنێم و دواتر بە کردەوە فۆرمی خانووەکە لە دەرەوەی بیرکردنەوە دادەمەزرێنم. خانووەکە دەبێت بەو جیهانەی من دەمەوێت. هەموو ئەو شتانەی دروستمان کردوون لەنێو جیهان و بە جیهان خۆیەوە شێوازی بیرکردنەوەی ئێمەن. مارکس دەڵێت ئەگەر ئێمە کارنەکەین و ئەو جیهانە دروست نەکەین کە خۆمان دەمانەوێ، ناتوانین پەرە بە بوونی خۆمان بدەین و جەوهەری خۆمان دابهێنین، ئەمەش مێژوو دروستدەکات. بۆچی دەبێت کاربکەین، چونکە ئێمە بوونێکی کەممان هەیە و بە کەموکورییەوە پەیدابووین. لێرەوە چەمکی "کەمی" و "پێداویستی" کە دوو چەمکی گرنگی فەلسەفەی مارکسن سەرهەڵدەدەن.

**هەرێم عوسمان: بنەمای فەلسەفەی مارکس ماتریالیستییە، بەڵام لە وەڵامەکانی ئێوەدا ئاگایی پێشدەخرێت، ئێمە بیردەکەینەوە و دواتر کاردەکەین.**

**د.محەممەد کەمال:** بۆ مارکس بیرکردنەوە ئاگاییە. مارکس لە کتێبی سەرمایە بەرگی یەکەمدا، دەنووسێت: بیرکردنەوە هەمیشە پێش کارکردن دەکەوێت. ناتوانیت کارێک بکەیت ئەگەر بیرنەکەیتەوە بۆچی ئەو کارە دەکەیت یان چی دەکەیت. بیرکردنەوە هەمیشە پێش کارکردن دەکەوێت، بەڵام ئەمە واتای ئەوە نییە کە بیرکردنەوە لە سەرچاوەیەکی میتافیزیکی و گیانەکییەوە هەڵدەقوڵێ، بەو شێوەیەی ئەریستۆ و دیکارت باسی دەکەن. بیرکردنەوە چالاکیی مێشکە، مێشکیش بەشێکە لە بوونی ماتەریی مرۆڤ.

**هەرێم عوسمان: لە کتێبەکەتدا هاتووە: کۆمۆنیزم، تێکەڵکردنی ماتریالیزم، کۆمۆنیزم و مرۆڤایەتییە. ئەم سیانە چۆن کۆکراونەتەوە؟ وەک باستان کردووە، کۆمۆنیزم داهێنراوێکی مارکسی نییە.**

**د.محەممەد کەمال:** دیارە بەر لە مارکسیش باسی کۆمۆنیزم کراوە، بەڵام بەو شێوەیە نا کە مارکس باسی دەکات. کۆمۆنیزم بۆ مارکس دوا قۆناغی مێژووە، لەوێدا مێژوو کۆتایی دێت. بۆچی کۆتایی دێت، چونکە ناکۆکییەکان لەنێو چینەکانی کۆمەڵ نامێنن. کەواتە کۆمەڵگایەکی لە چین بەدەر دروستدەبێت کە کۆمەڵگای تاکەکانە، تاکەکان لە کۆمەڵگای کۆمۆنیزمدا گرنگن، چونکە چین نامێنێ بایەخی پێبدرێت. کۆمەڵگای کۆمۆنیزم کۆمەڵگای تاکەکانە، ئەو تاکانەی هەموو پێداویستییەکانیان دابینکراوەو لەوە زیاتر بوونیان داگیر ناکرێت. ئەمە بۆچوونێکی مرۆڤدۆستانەیە. بەڵام شێوازی دامەزراندنی ئەم کۆمەڵگایە ماتریالیستانە دروستدەبێت، پێویستیمان بە هیچ شتێک نامێنێت، ئەم گۆڕانکارییە تەنیا لەڕووی بیرکردنەوەوە ڕوونادات، بەڵکو لە شێوازی ژیانی ماتەریشەوە ڕوودەدات. لێرەوەیە دەڵێم، مارکس هەموو شتەکانی پێکەوە بەستووەتەوە و گەیاندوویەتی بە قۆناغێک کە مرۆڤ لەنێویدا لەوە زیاتر نەچەوسێتەوە.

**هەرێم عوسمان: لە زۆر شوێندا وتەیەکی مارکس دەهێنرێتەوە، کە فەیلەسووفان تا ئێستا جیهانیان ڕاڤەکردووە، کاتی ئەوەیە بیگۆڕن. چۆن لەمە تێبگەین؟**

**د.محەممەد کەمال:** ئەوە لە یەکێک لەو دوانزە خاڵەدایە کە لەسەر فەلسەفەی فیۆرباخ نووسیویەتی. زۆرجار ئەم بۆچوونەمان هەڵە ڕاڤە کردووە، مارکس لەوێدا باسی فەلسەفە بەگشتی ناکات. ئەو ڕەخنەی لە هاوڕێکانی خۆی، فیۆرباخ و باوەر و ئەوانە هەبوو کە بە هیگڵییە چەپەکان دەناسران. ڕەخنەکەی ئەوەبوو کە ئێمە هەوڵدەدەین ڕاڤەی واقیع بکەین، ئایا پێویست ناکات واقیع و جیهان بگۆڕین؟ چۆن جیهان بگۆڕین؟ بۆ گۆڕینی جیهان پێویستیمان بە بەرنامەیە. لێرەوە مارکس دەڵێت، فەیلەسووفەکان هەوڵیانداوە ڕاڤەی جیهان بکەن، بەڵام پێیان نەگوتووین چۆن جیهان بگۆڕین. مارکس ئەو ئەرکە دەخاتە سەرشانی خۆی و دەیەوێت پێمان بڵێت چۆن جیهان بگۆڕین. لەبەرئەمە ڕاڤەیەکی نوێ بۆ مێژوو دەکات.

> مارکسیش بیریارێکی میتافیزیکە

**هەرێم عوسمان: کەواتە دەتوانین بڵێین مارکس فەیلەسووفێکی تاقانەیە لەنێو مێژوودا کە پرسێکی نوێ و ڕاڤەیەکی نوێی بۆ مێژوو کردووە؟**

**د.محەممەد کەمال:** باسکردنی ماتریالیزم شتێکی نوێ نییە. فیۆرباخی هاوڕێی بەر لەو باسی کردووە. بەڵام مارکس ماتریالیزمێکی نوێ دهەێنێتە ئاراوە. ماتریالیزم لە یاساکانی میکانیزم ڕزگار دەکات، بەپێی یاساکانی میکانیزم، تۆ بتەوێ و نەتەوێ جیهان دەگۆڕێت و پێویستیمان بە تێکۆشان و شۆڕش نابێت. مارکس باوەڕی بەم میکانیزمە نییە، لای ئەو ماتەر یان جیهان دەبێت دیالێکتیکییانە بگۆڕێت. باوەڕی بەوەشە مرۆڤ دەبێت ئامانج نەک وەسیلە بێت. بۆیە فەلسەفەی مارکس فەلسەفەیەکی ماتریالیزمانەی نوێی مرۆڤدۆستانەیە.

**هەرێم عوسمان: لەبەرئەوەیە دیالێکتیکی هیگڵ و مارکس زۆر جیاوازن؟**

**د.محەممەد کەمال:** هیگڵ جوڵانی دیالێکتیکی بە هۆشی ڕەهاوە دەبەستێتەوە. هەموو شتێک لەنێو مێژوو یان سروشتدا کە دەگۆڕێت، جوڵانی هۆشی ڕەهایە کە خۆی لە نێویاندا بەرجەستە دەکات و دیالێکتیکیانە خۆی پێشدەخات. بەڵام مارکس باوەڕی بە هۆشی ڕەها نییە و ڕاستەقینە بۆ مارکس ماتەرییە، کەواتە گۆڕان لە ماتەر و سروشتدا دروستدەبێت. کاتێک باسی مێژوو یان کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەکەین، ناتوانین بڵێین کۆمەڵگا میکانیزمانە یان دیالێکتیکییانە لەخۆوە دەگۆڕێت، بەڵکو دەبێت مرۆڤ دەوری لە گۆڕانی مێژوودا هەبێت کە مارکس جەختی لەسەر دەکات. بیریارانی یەکێتی سۆڤیەت ئەم خاڵەیان پەراوێز خستووە.

**هەرێم عوسمان: کەواتە مێژوو مرۆڤە داهێنەرانەکان دەیخولقێنن؟**

**د.محەممەد کەمال:** مارکس باسی مرۆڤی داهێنەر ناکات. لێرەدا هیگڵیانە بیردەکاتەوە. هیگڵ لە کتێبی (فینۆمینۆلۆجی هۆش)دا دەنووسێت، خاوەن کۆیلە زۆر لە کۆیلە دەکات ئەو سروشتەی بۆ جیهانێک کە خاوەن کۆیلە دەیەوێت بگۆڕێت، واتە کۆیلە کاردەکات و کارکردنیش دەبێتە هۆکاری بەرجەستەبوونی خودی کۆیلە و بەئاگاهێنانەوەی لە بارودۆخی کۆمەڵایەتی. ئەمە کۆیلە بۆ شۆڕش هاندەدات. مارکس ئەم بیرۆکەیە وەردەگرێت و دەڵێ مادام چینی کرێکار چەوساوەیە و زۆری لێدەکرێت کاربکات و بوونی داگیرکراوە، ئاگاییەکەی لەم بارودۆخە دەبێتە هۆکاری خەبات دژی چینی چەوسێنەر و قۆناغ و سیستمێکی نوێتر لە مێژوودا دروستدەکات.

**هەرێم عوسمان: کەواتە چەمکی شۆڕش لای مارکس چییە و پەیوەندی بە مێژووەوە چییە؟**

**د.محەممەد کەمال:** شۆڕش لە ئاگایی چینی چەوساوەوە دروستدەبێت، ئەم چینە لەڕێگەی ئاگایی لە بوونی داگیرکراوی خۆیەوە هەوڵدەدات ئەو بارودۆخە مێژووییە بگۆڕێت کە تیایدا دەژی. هەوڵدان بۆ گۆڕینی بارودۆخەکە بریتییە لە شۆڕش. هەوڵدانەکەش بۆ گۆڕین و لەناوبردنی قۆناغەکە توندوتیژی لێدەکەوێتەوە. بۆچی ئەمە دەبێت بە شۆڕش؟ چونکە ئەو چینەی شۆڕش دەکات، پاش سەرکەوتنی شۆڕشەکە، کۆمەڵگایەک دهەێنێتە کایەوە کە لە بنەڕەتەوە لە کۆمەڵگاکەی پێشووتر جیاوازە؛ کۆمەڵگایەکە لەڕووی بیرکردنەوە، کولتوور و بەرهەمهێنان و هەموو لایەنێکەوە جیاوازە. ئەگەر لە هەموو لایەنێکەوە جیاواز نەبێت، نابێت بە شۆڕش و دەبێت بە چاکسازی؛ چاکسازیش پێویستی بە توندوتیژی نییە. ئێمە دەتوانین چاکسازی لە سیستەمی پەروەردە بێ شۆڕش بکەین، بەڵام شۆڕش بریتییە لە گۆڕینی هەموو سیستەمەکە. لێرەدا کە شۆڕش ڕوویدا کۆمەڵگایەکی نوێ لەسەر بنەمایەکی نوێ دروستدەبێت، کە لە بنەڕەتەوە لە کۆمەڵگە کۆنەکە جیاوازە. ئەم گۆڕانکارییە مێژوو بەرەو پێشەوە دەبات. بۆ مارکس، ئەم گۆڕانکارییە لە مێژوودا دەبێت پێشکەوتنخوازانە بێت. نابێت بە شۆڕش کۆمەڵگایەک دروستبکەین کە لە کۆمەڵگاکەی پێشووتر پێشکەوتنخوازانەتر نەبێت. مرۆڤ شۆڕش دەکات تاکو کۆمەڵگایەکی چاکتر بهێنێتە کایەوە.

# چییە ئەم دەنگە، ئەم ئاوازە دوورە؟*

◄ سیروان ڕەحیم





### دوو تیرێژی نێو یەک شەبەنگ

گۆرانی شاعیر ساڵی 1904 یان 1905 لەدایکبووە. نازم حیکمەت ساڵی 1901 یان 1902. گۆران لە هەڵەبجە لەدایکبووە و نازم لە سالۆنیک (یۆنانستان). ئەم لە مەدرەسەی مەلایان و ئەو لە قوتابخانەی سوڵتانی دەستیان بە خوێندن کردووە. گۆران چەپ بوو، نازمیش هەروەها. بۆ هەردووکیان یەکێتی سۆڤیەت شوێنگەی تایبەتی لەدڵدا بووگە. گۆران لەوێ نەشتەرگەری بۆ کرا و پاشان لە بەغدا مرد. نازم لە مۆسکۆ و لە تاراوگە سەری نایەوە.

گۆران ساڵی 1962 دەمرێت و نازم ساڵی 1963. گۆران و نازم، بەر لە هەموو هاوبەشێکی تر شیعر کۆیاندەکاتەوە. بەڵام سەرباری شیعر چەندین هاوبەش و خاڵی بەیەکگەیشتنی سەرنجراکێش لە نێوان ئەو دوو شاعیرەدا هەن. لەم دوو مرۆڤەدا، لە پەیام و لە دەربڕینی ئەماندا، لە خەمیاندا بۆ داهاتوو- منداڵ، لە ستران و لە نەوا و ئاهەکانیاندا هەمان ڕەنگ دەبینین و هەمان چێژ تام دەکەین. هەندێجار هەستیان، تەماشا و هزریان ئەوەندە لەیەکەوە نزیکە، مرۆڤ لە زاری گۆران خۆیەوە دەپرسێت: چییە ئەم دەنگە، ئەم ئاوازە دوورە؟ بەڵام دوور تەنیا لەڕووی تەنەوە، لەڕووی ئەردنیگارییەوە، دەنا نزیک لە یەک و هەندێ جار ئاوێزانی یەکدی و ئاوێتەی یەکتر. گۆران و نازم کاتێک مرۆڤ لە هەندێک دەربڕین و پەیامیان ورد دەبێتەوە، بەتایبەتیش لە هەردوو شیعری (با دونیا بدەین بە منداڵان) و (بێشکەی منداڵ)، پێدەچێت ئەم دوو دەنگە لە هەمان هەناوی رامانەوە، رامان لە ژیان، سەرچاوەیان گرتبێت. ئەم دوو دەنگەی پەیڤ، ئەم دوو سەنگەی هەڵوێستی مرۆیی و ئەم دوو ڕەنگەی نێو ئاسمانی شیعر، نەک دوور نین لە یەکتر، بەڵکو دوو تیرێژی نێو هەمان شەبەنگن. ئەمان بەم وشە و بەم دەربڕینانەیان پێشانی دەدەن کە شاعیرەکان، شاعیرەکان نەک شیعرنووسەکان، هەڵگری هەمان ناسنامە و هۆگری هەمان هەستن، هەستێک تەنها بۆ دڵنیایی مرۆڤ و تەنها بۆ تەناهیی منداڵان دێتە گۆ...

### گەڕان لەنێو سێبەر و تاریکیدا

دۆزینەوەی ئەم لێکچوونانە، ئەم یەکانگیربوونەوانە لە دنیای دەربڕین و ئەم جمکی تیشکانە لە ئاسمانی ئەدەبدا گەڕانی گەرەکە، گەڕان لەنێو سێبەر و تاریکیدا. نەک ئەوەی کە دەیزانین و فێری بووین، بەڵکو ئەوەی کە نایزانین و هێشتا بۆمان ئاشکرا نەکراوە، یان هێشتا هەر تەواو ڤەشارتییە. دۆزینەوەکە حەوسەڵەی سۆراخ و گەڕانی گەرەکە. ئەو گەڕانەیش پێویستی بە وزەی لێگەڕین و هێزی زانینی زمانە. بۆ گەیشتن بەو بەراوردانە دەبێت کەسانی زمانزان، چ زمانەکانی دەوروبەر یان ئەو زمانانەی لە فراوانترین ڕووبەردا بەکاردێن، کاری بۆ بکەن. سەرباری زانینی زمان، سەلیقەی ئەدەبی، وردبینی و پشوودرێژی لە گەڕان و لێکۆڵینەوەدا پێویستن. بێ ئەو شتانە ناکرێت پەیامە هاوبەشەکان، هەستە لێکچووەکان و نەوا هاوئاهەنگەکان بدۆزرێنەوە. لە چەشنی ئەم نەوا هاوئاهەنگە و چوونیەکانە. لەو گەڕانەدا ڕەنگبێ گۆران یەکێک بێت لە کەرەستە هەرە گرنگەکانی بەراورد و بەرهەڤکردن. بۆچی؟ گۆران شاعیرێکە مۆدێرن، مۆدێرن بە مانای وشەکە و لە ڕۆژگاری خۆیشیدا لە هەرە مۆدێرنەکان بوو. ئەو زمانزان بووە. جگە لە زمانە نایابەکەی خۆی، زمانێک پتەو، هاوکاتیش سادە و ڕەوان بۆ تێگەیشتن و بۆ وەرگرتن. ئەو زمانەکانی ئینگلیزی، تورکی، فارسی و عەرەبی زانیوە. بەم زمانانە ئەدەبیات و شیعری خوێندووەتەوە و بەرهەمی وەرگێڕاوە. بۆیە بینین بە دیدەی شیعر، نووسین و دەربڕین بە شیعر و بەگشتی زمانی شیعر لای گۆران زمانێکە جیاواز و ئاوارتە. گۆران کەسێک بووە دەڵێی بۆ ئەو کارە هاتووەتە سەر ئەم ئەستێرەیە و جگە لە شیعر و لە زمان کارێکی تر بۆ ئەو لەهەڤنەهاتی بووە، یان کاری کردە نەبووە. لە گەڕان و سۆراخ بەنێو سێبەر و تاریکیی ئەدەبیاتدا زۆر پەیام و دەربڕینی هاوبەش دەدۆزرێنەوە، نەک هەر لە نێوان ئەدەبیاتی ئێمە و گەلانی تردا، بەڵکو لە نێوان ئەوانیتریشدا. لەنێوان دوو شاعیری سەر بە دوو کولتوور و دووزمانی- وەکو مینا- ئەورووپاییشدا، ئەو دۆزینەوە و بەرهەڤکردنانەیشن دەبن بە بەڵگە کە شاعیران، نووسەران و هونەرکاران هەڵگری یەک ناسنامەن، ناسنامەی مرۆڤبوون.

گەڕانەوە بۆ لای گۆران

لەمێژ بوو ئەم شیعرەی نازم حیکمەتم دەناسی، هەرجارێک گوێم لەم شیعرە بووبێت، ئەو شیعرەی گۆران (بێشکەی منداڵ)م بیرکەوتووەتەوە و ئەو هێزە هاوبەشەی خەیاڵم لە نێوان شاعیراندا، بەتایبەتیش لە نێوان گۆران و نازمدا، دیارە لە بۆتەی ئەم شیعرەدا هاتووەتەوە بیر و دەروونی هەژاندووم.

دواجار کە گوێم لێبووبێت لە کۆنسێرتێکی منداڵان لە شاری کۆڵن- ئەڵمانیا، کۆمەڵێ منداڵ، منداڵی هەڵگری ناسنامە و کولتووری جودا، بەڵام هەر هەموو یەکانگیر لە ئامێزی زمان و کولتووری هاوبەشی ئەڵمانیدا، ئەم شیعرەی نازمیان بە ستران دەچڕی. دیارە بە هاوکاریی موزیک و پێشەنگی خاتوونێکی مۆسیقاری ڕووس. ئەمجارە منیش بڕیارم دا ئەو شیعرەی نازم بکەمە کوردی و لەگەڵ بێشکەی منداڵ-ی گۆراندا، بیانهێنمە با هەڤ، هاوکات ئەم چەند پەیڤە سادە و خاکییەیش بکەم بە تانوپۆ و پێکەوە پێشکەشی ئێوەیان بکەم..

### با دونیا بدەین بە منداڵان

**نازم حیکمەت**

با دونیا بدەین بە منداڵان
هیچ نەبێت بۆ تەنیا یەک ڕۆژ
وەک باڵۆنێکی ڕەنگاوڕەنگ
با بیاندەینێ و گەمەی پێ بکەن
لە کاتێکدا گۆرانی دەڵێن
با لە نێو ئەستێرەکاندا سەما بکەن

با دونیا بدەین بە منداڵان
وەکو سێوێکی زەبەلاح بیاندەینێ
وەکو پارووەیەک نانی گەرم
هیچ نەبێت با ڕۆژێک تێر بن

با دونیا بدەین بە منداڵان
بۆ ڕۆژێکیش بێت
با دۆستایەتیی دونیا بناسن
منداڵان دونیامان لەدەست دەردێنن
درەختی نەمری دەڕوێنن

...........

### بێشکەی منداڵ

**گۆران**

دایک دای ڕەنج بۆ مناڵ دای
بۆ بزەی ناو بێشکەی ئارام
بۆ شیرینیی گرۆگاڵ دای

باوک هەچ ئارەقێکی ڕشت
بۆ ئەوەی ڕشت ـ من دڵنیا ـ
نەمری کات: بڕبڕەی پشت

ئای ئەو ماڵە چەن ئاوایە
کە دایک و باوک لای بێشکەدا
گوێیان لە مشەی ساوایە

ئای ئەو ماڵە چەند بێ باکە
کە لە باروت و لە بۆمبا
ژێر بێشکەی مناڵیان پاکە

ئای چەند خۆشە: ماڵێک بێ وا
ڕووی دنیا ئەمپەڕ تا ئەوپەڕ
دڵنیا بن بێشکەش ساوا
نابێت بە خۆڵەمێشی شەڕ

بەرڤیخە 12/6/1962

**پەراوێز:**
**چییە ئەم دەنگە، ئەم ئاوازە دوورە؟***
**کە پێ هەڵهێنەری چاوی شعوورە .. دیوانی گۆران. ل 177**

**سەرچاوە:**
**– دیوانی گۆران.**
**– نازم حیکمەت– شیعری هەڵبژاردە.**

# فەرموودەکانی شیعری بێگەرد

◄ سەباح ڕەنجدەر



**1**

شیعری بێگەرد هەڵوێستێکی ئێستێتیکییە. نابێت تێیبگەیت. دەبێ هەست بکەیت لە هێزی یەکەمدا شتێک هەیە. ئەو شیعرەی لەپێناو گەیاندن، واتە: هێزی دووەم دەنووسرێت، شیعری بێگەرد نییە، واتە: هەستیار و بێدار نییە، گێڕانەوە، یان هەواڵە.

**2**

مێشکی من چڵکن نەبووە بەو دروشمە باوانەی ناو ڕۆشنبیریی ئێمە، داهێنەر لە شێوەی تێڕوانینی داهێنانییەوە کار لە ژیان دەکات و ئێستێتیکا لە مەودای جیاجیادا لە زەینی وەرگر مشتوماڵ دەکات و خاڵ و هێڵ و هێمای دەداتێ، کە ناوکی جیهانبینی شیعرە.

هەست لە شیعردا کەرەستەی پێکهاتە و هێڵە هاوبەشەکان دەستەبەر و گەڵاڵە دەکات، بیری خەملیویش لە زەمینەیەکی گونجاودا، واتە: بنیادێکی خەملیو سروشتی ناوەوە ڕێکدەخات و خودی ئەزموون پێیدەگەیەنێت.

دروشانەوە لە دەقدا ڕەنگە ئەوەبێت وێنەیەک دەبێتە ناوەند و لووتکەی دەقەکە، خوێنەر لە ئاستیدا تەواو بێدەنگ دەبێت. ئەو بێدەنگبوونە ئەوەیە دەستی بە قوولاییەکانی دروشانەوە گەیشتووە. دروشانەوە بۆ شیعرییەت زمانی پێوەر و پێوەرێکی کامڵە.

لەو ماوەیەدا، وەختێکی تایبەتی خۆم بۆ: (کۆی بەرهەمە شیعرییەکان)ی ڕەفیق سابیر تەرخان کرد، چاپەمەنی مانگ ساڵی 2016 لە 793 لاپەڕەدا چاپی کردووە، هەروەها: (ڕوانین لە بوولێڵدا)، 22 چاوپێکەوتنی جیاجیایەتی، هەمان چاپەمەنی ساڵی 2015 لە 304 لاپەڕەدا چاپی کردووە، هەروەها: (ئەویننامە) دوا کۆشیعریەتی. هەمان چاپەمەنی لە 98 لاپەڕەدا چاپی کردووە، لەم بەرهەمەیدا ئاستێکی گۆڕان و وەرچەرخانی ڕیشەیی لە بیری ئێستێتیکی، ڕۆڵ دەگێڕێ و ڕۆڵی ئاشکرا دەبێت.

لە خوێندنەوەی کۆی بەرهەمەکاندا دیدگایەکی تایبەت و دیاریکراوی لەبارەی ژیان و ڕووداوەکانی کوردستان پێشکێش کردووە. بەو تێگەیشتنەی بۆ شیعرم هەیە، دەتوانم ئەم بۆچوونەم بەڕاست بزانم، ڕەفیق سابیر شاعیرێکە، کەمتر هەستییە و زیاتر فیکری و سیاسییە، بەڵام لە ئاراستە فیکرییەکەیدا ڕایەڵ و تانوپۆ و هارمۆنی و پێکەوە گونجانێکی لۆژیکێک کارپێدەکات بۆ ئەوەی ئاراستەی ئاسۆیەک بۆ ئێستێتیکا و گوتنی بنەڕەتی دەستەبەر بکات، کە شیعری بێگەرد لە بوونی خۆیدا قبووڵی ئاراستەی ئاسۆیەک و فیکری کراوە دەکات، بەڵام قبووڵی ئایدیۆلۆژیای داخراو ناکات.

ئەو دروشانەوەیەی ئاماژەم بۆی کرد، دەتوانم دەقی: (ئاوێتەبوون) لە کۆشیعری ئەویننامەی بۆ دەستنیشان بکەم، هەروەها لە دوا کۆشیعریدا 29 هایکۆی نووسیوە، لە ماوەیەکی پێوانەییدا، هایکۆ بە شێوەیەکی بەربڵاو، وەک دیاردەیەکی لاساییکردنەوە هاتە ناو شیعری کوردییەوە. شێوازی هایکۆ مەودایەکی کورت و وتنێکی بنەڕەتییە، دۆخگۆڕینی تێدا ڕوونادات، دەنگێک دەنگێکی دی وەردەگرێتەوە و هەستەکان جێگۆڕکێ بکەن، ئاوازی جێگۆڕکێی دەنگەکان لە فۆرمی وشە و چرپەدا ڕێکبخرێنەوە. هونەریترین هایکۆ لە شیعری کوردیدا کە بە هونەری هایکۆ نووسرابێت: (ڕەفیق سابیر) نووسیویەتی و پرسی هونەری تێدا دروستکردووە.

**3**

شیعری بێگەرد دەبێ خۆی خوێنەری خۆی دروستبکات و مرۆڤی ئاوچەرخی تێدا بژی. لە بوونی مرۆڤی هاوچەرخیشدا توابێتەوە. لەم باروبوارەدا ژیانێک لەدایک دەبێت و ژیانێکی تر دەژێنێت، واتە: ژیانی یەکەم بوونە و ژیانی دووەم بەشێک لە بوونە، کە مرۆڤی هاوچەرخ تێیدا هۆگر و ئامادەیە و کەرەستە و پێودانگی تایبەتی بۆ خوێندنەوە هەیە، خۆی بەرەو ئەو جۆرە شیعرە ڕێنوێنی دەکات.

من لە شیعرمدا هەوڵ بۆ ژیانی دووەم دەدەم. مرۆڤی تێدا بکەمە مرۆڤی هاوچەرخ و پێناسەی کات و شوێنی کردبێت لە توانایدا مابێتەوە. خەسڵەتە سەرەکییەکان، کە دانایی سروشتی مرۆڤە گورزێکی لە زەینیدا وەشاندبێت، خۆی ئەزموون بکات. پاش جێگیرکردنی وەشاندنەکە. بچێتە ناو پرسی کردەیەکی کتوپڕەوە و لە ئامانج نزیک ببێتەوە و پەیوەندییە ناوەکییەکان، لە دەرکەوتنی زماندا تەواو دیاری نەکا و مەوداکان لە بەهرەیەکی باڵادا بزر بکات.

**4**

شیعری بێگەرد دادوەری ئەم جیهانەیە، لەپێناو زمان و ئێستێتیکادا دەنووسرێت. فیکری سیاسی بەناو هەستەکانیدا دەبا و شەپۆلیان پێدەدا، بەڵام ئایدیۆلۆژیا تێکەڵ بە دیدی ئەدەبی ناکات و نابێتە وتەبێژی سیاسی. دەزانێت چۆن ئەم کارامەییە ئەمەکدار بکات، ڕۆح و هەرچی شتێک لە ڕۆح بچێت ترپەن بۆ ئەوەی بیرکردنەوە بکەنە پەیژە و نۆتە بۆ دروستکردنی وێنە و دەرکەوتەکان و پاراستنی ناسنامەی شاکاری ئەدەبی.

**5**

بە شیری دایکم و شیری شیعر بەخێو و پەروەردەکراوم. لە هەموو کات و شوێنێکدا ئامادەیی هەیە و سێبوورییە بۆم. ناتوانم لە فەزای دەرچم، لە ناخمدا پێی دەژیم. بوێری ئەوەی تێدا تاوداوم پرسیار لەبارەی دەرکەوتنی جیاوازییەکان بکەم و هاوکێشەیەکی تەواوی لەگەڵدا دروستبکەم.

شیعر خۆی، واقیعێکی زۆر تایبەتە، بەیانێکە تەواونەبوو. بێدەنگیی لە ناخمدا کۆدەکاتەوە و سەرچاوەی یەکەمین پەرێشانییەکانمە، هەموو پرس و باسەکان دەکاتە هی من. ژیانی شیعرییم، ژیانی تایبەتی داگیرکردووم، کردوویەتی بە وێنەیەکی کراوە و پیشانی دەدا و دەیپارێزێت. کەمێک نامۆیی و تۆزێک دڵەڕاوکێ و هەژانی ترسیشی تێدایە. لەوساوەی تێکەڵی بوومە و سەرم لەناو هەناویدا گەرم کردووە، لە ناوەوەمدا بۆ چرکەیەک، لە هەست و تێڕامانی نووسین دوورنەکەوتوومەتەوە.

شیعرێک، کە تازە نووسیبێتم، وەک ئەوەی کەسێکی دیکە نووسیبێتی، ئەوە وێنا دەکەم لەسەر شانۆ و لەبەردەم مایکرۆفۆندابم بۆ خۆم و ئەو بێدەنگییەی لە ناخمدا کۆبووەتەوە، دەیخوێنمەوە. بێدەنگییە کۆبووەوەکە دەکەم بە سەکۆیەک و خۆمی تێدا دووبارە دەکەمەوە. بێئەوەی بە خۆم بزانم سەرمەستانە وەک شەیدایەکی گەردوونی بزردەبم و خۆمی لێ ئازاد دەکەم، ئینجا شیعرێکی نەنووسراو سەرقاڵم دەکاتەوە. قووڵی و بەخۆداچوونەوەیەک، لە هەست و تێڕامان دروستدەکەم بۆ گۆڕینی فۆرم و مانا لە نێوان شیعرە نووسراوەکە کە تازە خۆمم لێی ئازادکردووە. شیعرە نەنووسراوەکە، کە هۆگری بوویمە و بە پڕی خۆم بۆی ئامادەکردووە، شوێنێکی لە هەست و تێڕامان پێ بدەم، کە هەست و تێڕامانی نووسین سەرقاڵم دەکات. دەکەومە بارێکی بینین و هەستکردنێکی ناخییەوە، کۆمەڵێک ئەستێرە لە ئاوێکی نزیک و ناسراودا بۆم زریوەیانە و پرسیاری تێڕامان و هەستم لێدەکەن. دڵخۆشی و جوانییەکی تایبەتم دەدەنێ، دڵخۆشی و جوانییە تایبەتەکان وەڵامی پرسیاری زریوەی ئەستێرەکان دەدەنەوە. تین و تاوێکم بۆ زمان تێدا مشتوماڵ دەکات. لە زمانەوەش تین و تاوی خۆشەویستیم پێدەگات و خۆی پێبەخشیوم و خۆمی پێدەبەخشمەوە. جێگۆڕکێ دەکەین، ئەو دەبێتە من و منیش دەبمە ئەو، وەک دوو ەیڵ لێکتێناپەڕین، دەگەینە یەک. بە بارێکی دی دۆنایدۆن دەکەین. ئەگەر وزەیەکی نەبیندراویش نەبێت قەت ناتوانم دەست بۆ نووسین ببەم و خۆمی تێدا نوێبکەمەوە و دەستپێبکەم، بجووڵێم و شێوەی تایبەت وەربگرم. ئەو ڕووداوانەی کاریگەرییان خستووەتە دۆخ و دەروونی من لە دەرکەوتن و نواندندا هەموویان لەناو ژیانی شیعریمدا دەناسرێنەوە و کەسایەتی خۆیان هەیە. لە بەکاربردندا بوونەتە سروشتی وشە و سروشتی وشەییان دەناسرێتەوە.

شیعر ئەزموونێکی تایبەتە، کەسی تایبەتیش دەینووسێت، تایبەتمەندبوون ئەشقی ڕاستەقینە و پەیوەندییە ڕۆحییەکان و تێگەیشتنە زمانەوانییەکانمان لە جەستەی شیعری بێگەردا بەرجەستەدەکات.